حەمەسەعید حەسەن

# سەرچاوەیەکی لێڵ

بۆ ڕێزلێنان لە هاوڕێم **ئەکرەم عەلی**

کە کیژۆڵەیەک لە پیرەمێردێک مارە دەکرێ، دەبێژین: ئەو کارە دزێوە دژی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە. ئەدی خودی محەمەد بە چل و نۆساڵی، ئایشێی کچی ئەبوبەکری سەدیقی نۆ ساڵانەی نەهێنا؟ هەندێ جار خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین و مارەبەجاش و ژنی سەفەرییش، بە دژایەتیکردنی ئیسلام نێوزەد دەکەین. ئەدی یارانی پێغەمبەر سەرو چەندین کەنیزەکیان نەبوو؟ (ئەدی کەنیزەکیان لە نێوان خۆیاندا نەدەگۆڕییەوە؟)(١)

کە خەڵخاڵی ئێران دەکاتە دارستانی سێدارە، کە پاسداران ژنانی خەباتگێڕی بە مەرگ حوکمدراو، سەرەتا ئەتک، دواتر گوللەباران دەکەن، دەڵێین: ئەو ڕەوتارانە، لەگەڵ بیروباوەڕی ئیسلامدا ناتەبان.

کە ئیسلامییەکانی جەزائیر سڵ لە سەربڕینی منداڵی ساوایش ناکەنەوە، دەبێژین: ئەوانە هەر چییەک بن، ئیسلام نین. کە لەسەر خواستی میرێکی میسری، ملی نەجیب مەحفووز دەدرێتە بەر چەقۆ، دەڵێین: ئەو چەقۆوەشێنە دوژمنی ئیسلامە.

کە مەلا کرێکار گاز و قەپ و قەپاڵ لە نەیارانی دەگرێ،(٢) کە ئیسلامییەکانی کوردستان تێزاب بە کچاندا دەکەن، کە پەنا دەبەنە بەر تیرۆر و پەنای تیرۆریستان دەدەن، دەڵێین: ئەوانە هەرچییەک بن ئیسلام نین.

کە تالیبان دەرگای خوێندن بە ڕووی کچاندا کلۆم دەدەن، کە پەیکەرەکانی بودا دەدەنە بەر ڕێژنەی گوللەتۆپ، دەبێژین: ئەو ڕەوتارانە لە ئیسلامەوە سەرچاوە ناگرن.

کە بەعسییەکان لە سایەی ئاڵای بە الله اکبر نەخشاودا و لەبەر ڕۆشنایی سوورەتی ئەنفالدا، کورد قەلاچۆ و کوردستان کاول دەکەن، دەڵێین: بەعس و ئیسلام کوجا مەرحەبا. ئەدی سەعد و ئەبوعوبەیدەیش سەرقاڵی هەمان خەبات! نەبوون؟

ئیسلامییەکان لە هەر کوێ بن، هەڵگری هەمان پەیامن، پەیامی سووک سەرنجدانی ئینسان. ئیسلام هەر یەک ئیسلامە، هەر بەرگێ بپۆشێ، لە کرۆکدا هەر ئەوەی تالیبانە. خۆ ئەوە ڕێکەوت نییە، وەک چۆن مەلا عەلیی هەڵەبجە، بە تۆپزی (فەرەج نەگۆڕ)ی لە ژنەکەی جیا کردەوە، ئیسلامییەکانی قاهیرەیش ویستیان بە هەمان شێوە سزای د. نەسر حامید ئەبوزەید بدەن.

هەموومان خۆمان فریو دەدەین. ئاخر هەموو ئەو دڕندایەتییانە، لە سەرچاوەی ئایینی ئیسلامەوە هەڵدەقوڵێن و کرۆکی ئیسلام پێک دەهێنن. سەددامی وەچەی شەرعیی سەعدی کوڕی بابی وەققاس و خەڵخاڵیی ئێران و مەلا محەمەد عومەری ئەفغانستان و مەلا کرێکاری کوردستان، نوێنەرانی ڕاستەقینەی ئیسلامن و بەوپەڕی دەستپاکی و دڵسۆزییەوە، درێژە بە کۆششی پێغەمبەر، خەلیفە، سەرکردە، ڕێبەر و زاناکانی ئیسلام دەدەن. ئاخر سەراپای مێژووی ئیسلامەتی، بریتییە لە دڕندایەتی.

2001. 04. 14

(١) هادی العلوی، فصول عن المراه، ص ٥٤ دار الکنوز الادبیه ١٩٩٦ بیروت.

(٢) مەلا کرێکار دەڵێ: (ئەوی سنووری ئێمەی بەزاندووە، چاوەڕێی ئەوە نەکات، گازی لێ نەگرینەوە.) هاوڵاتی، ژ: ٧، ل: ٢ سلێمانی ٢٠٠١/١/١١ چاپخانەی ڕەنج.